# ڕۆڵی تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک) لە ڕوماڵی دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا

**کارزان محەمەد ئەحمەد**

بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** karzan.ahmed@spu.edu.iq

## پێشەکی:

ئەمرۆ گەندەڵی لەسەر ئاستی کۆمەڵگای جیهانی بۆتە دیاردەیەکی بەربڵاو، ئاستەنگێکی گەورەشی لەبەردەم گەشەی سیستەمی حکومڕانی و ژیانی مرۆیی دروستکردوە.

ئەم دیاردەیە بەپێی هەڵومەرجی هەر وڵاتێک، شێوازی دەرکەوتن و ئاست و کاریگەرییەکەی لەسەر کۆمەڵگا جیاوازە، بەڵام بەهۆی لێکەوتەکانییەوە چەندین یاسای لۆکاڵی و نێودەوڵەتی و کۆمەڵێک دامەزراوە و ڕێکخراوی جیهانی بۆ بەگژداچونەوە و بنەبڕکردنی دامەزراون.

بەمانایەکیتر، دەوڵەتانی پێشکەوتو دڵنیان کە پەیوەندییەکی پێچەوانە لەنێوان دیاردەی گەندەڵی و سەروەریی یاسا و گەشەی مرۆیی هەیە، لەم ڕوانگەیەوە هەر وڵاتێک بەپێی ستراتیژی خۆی لەسەر هەردو ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، لە ڕێگەی دامەزراوەی فەرمی و نافەرمییەوە تا دەگاتە بەرە و هاوپەیمانێتی سیاسی و ئابوری، هەوڵی کەمکردنەوە و بنەبڕی دیاردەکە دەدەن.

بنەمایەکی گرنگ بۆ هەنگاونان بەرەو بەگژداچونەوەی گەندەڵی و پەرەپێدانی هۆشیاریی یاسایی لەپێناو سڵەمینەوە لە ئەنجامدانی، بەکارهێنانی میدیایە کە دەتوانێ وەک دەسەڵاتی چوارەم و چاودێرێکی گرنگی سیستەم، ڕۆڵی مەزن بۆ بەگژداچونەوەی گەندەڵی بەهەمو جۆرەکانییەوە ببینێ، ئاستی ڕۆڵ و کاریگەرییەکەشی وابەستەیە بەمۆدێل و بەرنامەڕێژی و شێوازی بەکارهێنانی میدیا لەو پرۆسە هەستیار و سەختەدا.

لە هەرێمی کوردستان، بەپێی ئەو پێوەرانەی بۆ گەشەی وڵاتە تازەپێگەیشتوەکان دانراوە، لەماوەی نزیکەی (٣٠) ساڵی تەمەنیدا، پرۆژەی گەورەی لە کۆمەڵگادا ئەنجامداوە، بەڵام دیاردەی گەندەڵی بە ئاستێکی جیاواز، لە هەردو کەرتی گشتی و تایبەتیدا ڕەنگدانەوەیەکی نیگەتیڤی هەبوە، هاوکات گەشەی خێرای بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئازادی لەئاڵوگۆڕی زانیاری و پەیوەندی، بۆتە مایەی وروژاندنی گەندەڵی لەلایەن بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش پێویستی بەشەنوکەوێکی ئەکادیمییە تا کۆی ڕەهەندەکانی دۆسییەی هەستیاری



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

تایبەت بە ڕۆڵی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان لە ڕوماڵ و بەگژداچونەوەی دیاردەكەدا بخەینەڕو، ئەویش لە ڕێگەی ناساندنی چەمك و بنەما و جۆرەكانی گەندەڵی و وەرگرتنی بۆچونی جەماوەر لە هەرێمی كوردستان، پاشان خستنەڕوی ئەكادیمییانەی بۆچونەكان و شرۆڤەكردنییان بەئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجام و ڕاسپاردەی پێویست.

**كلیله وشەكان:** ڕۆڵ، تۆڕی كۆمەڵایەتی (فەیسبوک)، گەندەڵی، هەرێمی كوردستان.

## پوختەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە (ڕۆڵی تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیسبوک لە ڕوماڵی دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی كوردستاندا) لەو بابەتە گەرموگوڕانەی بواری میدیایە، كە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەرەوشی كۆمەڵگا و سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی كوردستانەوە هەیە.

بایەخی توێژینەوەكە، تاوتوێی بۆچونی بەكارهێنەرانی تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیسبوكە لەسەر بابەتی هەنوكەیی كە دیاردەی گەندەڵی و كاریگەرییەكانییەتی. ئامانجیشی ناساندنی چەمك و دیاردەی گەندەڵی و جۆر و ئاست و شێوازەكانییەتی، بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ ئەو گیروگرفتە مەترسیدارە، هەر هەنگاوێک بۆ بەگژداچونەوەی گەندەڵی، خزمەتە بە گەشەسەندنی كۆمەڵگای هەرێمی كوردستانیش.

توێژینەوەكە لە جۆری (وەسفی)یە، هەوڵ دەدات بەڕێبازی ڕوپێوكاری و فۆرمی ڕاپرسی، بۆچونی بەكارهێنەرانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان وەک بەشێكی كارای جەماوەر وەربگرێت، تاوتوێیان بكات و كۆمەڵێک ئەنجام و پێشنیازیش بۆ گەڵاڵەكردنی بەرنامەی بەگژداچونەوەی گەندەڵی بخاتەڕو.

گرنگترین ئامانجەكانیش بریتین لە: كاریگەری تۆڕی كۆمەڵایەتی لە هەڵماڵینی جۆرەكانی گەندەڵی، بنكۆڵكاری و خستنەڕوی داتا و زانیاری، پرۆسەی هۆشیارسازی جەماوەر بۆ خۆپارێزی لە گەندەڵی، دروستكردنی فشار بۆ دزێوكردن و سزادانی گەندەڵكاران لە هەرێمی كوردستان.

دیارترین ڕاسپاردە و پێشنیازی توێژنەوەكەش بریتین لە: گەڵاڵەكردنی ستراتیژی برەودان بە هۆشیاریی جەماوەریی بەئامانجی پابەندبون بە یاساكانی دژ بەگەندەڵی، دامەزراندنی ئەنجومەنێكی چاودێریی میدیا بۆ گرەنتی ئازادیی ڕادەربرین و شەفافییەتی زیاتر.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

# باسی یەکەم: میتۆدنامە

## ١-١: ناونیشانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (ڕۆڵی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک لە ڕوماڵی دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا)، هەڵسەنگاندنێکە بۆ ڕۆڵ و کاریگەری (سۆشیال میدیا) لە ڕوماڵی گەندەڵی و لێکەوتەکانی، لە ڕوانگەی بەکارهێنەرانی تۆڕی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک.

## ١-٢: کێشە و پرسیاری توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامی زانستی ئەم پرسیارە سەرەکییە بداتەوە: "ئایا تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک) تاچەند ڕۆڵی لە ڕوماڵ و ناساندنی گەندەڵی و بەگژداچونەوەی لە هەرێمی کوردستاندا هەبوە؟". لەبەر ڕۆشنایی ئەم پرسیارە سەرەکییە، توێژەر هەوڵیداوە وەڵامی شیاو بۆ کۆمەڵێک پرسیاری لاوەکی بخاتەڕو کە بریتین لە:

–ئایا بایەخ بە کۆی جۆرەکانی گەندەڵی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکدا دراوە؟

–ئاستی متمانە و کاریگەری ڕوماڵی گەندەڵی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکدا، لە ڕوانگەی بەکارهێنەرانییەوە چۆنە؟

–ئایا تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک، توانیویەتی ڕێگە لە تەشەنەسەندنی دیاردەی گەندەڵی بگرێت؟

توێژەر هەوڵیداوە لە ڕێگەی ڕاپرسی لەناو بەکارهێنەرانی تۆڕەکەدا، ئاستی بایەخپێدان و هۆشیارییان سەبارەت بە دۆسییەکانی گەندەڵی بخاتەڕو، بەئامانجی کەمکردنەوە و بنەبڕکردنی.

## ١-٣: بایەخی توێژینەوەکە

ئەنجامدانی توێژینەوە سەبارەت مامەڵەی میدیای مۆدێرنی وەک تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (فەیسبوک بە نمونە) لەگەڵ دیاردەی مەترسیداری گەندەڵی کە زۆربەی سێکتەرەکانی هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە، لە چەندین ڕەهەندەوە جێگەی بایەخە بۆ وڵاتەکەمان.

لێکەوتەکانی دیاردەی گەندەڵی لەسەر کۆی بوارەکانی کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان، بەرزبونەوەی ئاستی بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکیش بۆ ئاڵوگۆڕی داتا و زانیاری کە ڕێگایەکی کاریگەرە بۆ دروستبونی ڕای گشتی، ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە ئەکادیمییانەی بایەخدارتر کردوە.

ئەم توێژینەوانە وێڕای تاوتوێی ئاستی ڕوماڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ دیاردەکە و خستنەڕوی خاڵە پۆزەتیڤ و نیگەتیڤەکانی، بۆ هەردو دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری هەیە تا هەوڵ بدەن لەڕێگەی میدیاوە بەگژ ئەو دیاردەیەدا بچنەوە. هەروەها دامودەزگا جێبەجێکارییەکان لە هەردو کەرتی حکومی و تایبەتیدا، لەپێناو ناسینی دیاردەکە و جۆرەکانی و چۆنییەتی خستنەگەڕی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی، سودمەندی ئەم جۆرە توێژینەوە ئەکادیمییانە دەبن.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

توێژینەوەکە لە بابەتێکی هەستیار و فرەڕەهەند دەکۆڵێتەوە، بەدڵنیاییەوە سود و قازانجی بۆ چەندین سێکتەری کۆمەڵگاش هەیە، بەتایبەت:

**–لەسەر ئاستی تاک:** هاندانی تاک بۆ هۆشیاری لەپێناو خۆپارێزی لە گەندەڵی و پرۆتستۆی هەرکەس و لایەنێکیش کە گەندەڵی ئەنجام دەدات، چونکە کاریگەری لەسەر باری گوزەرانی خۆی و دەوروبەری دەکات.

**–لەسەر ئاستی کۆمەڵگا:** دروستکردنی ڕای گشتی بەهۆی تۆڕی کۆمەڵایەتییەوە دژ بە گەندەڵی، واتە فشاری جەماوەر ببێتە مایەی کەمبونەوەی ڕێژە و لێکەوتەکانی گەندەڵی.

**–لەسەر ئاستی دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان:** هاندانی دامەزراوە یاسایی و حکومییەکان بۆ بڕیاردانی پێویست بەئامانجی بەگژداچونەوەی یاساییانەی گەندەڵی و سزادانی بکەرانی. هەروەها ڕێنوێنی دامەزراوە نافەرمییەکان بۆ بایەخدانی زیاتر بە پرۆگرامی هۆشیاری لەپێناو خۆپارێزی لەو دیاردەیە.

## ١-٤: ئامانجەکانی توێژینەوەکە

ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

١–خستنەڕوی ئاست و ڕێژەی بایەخدانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بە گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان.

٢– تاوتوێی ئاراستە جۆراوجۆرەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک لەهەمبەر دۆسییەکانی گەندەڵی.

٣–زانینی ئاستی بایەخی بەکارهێنەران لەڕێگەی وەرگرتنی بۆچونیان بەپشتبەستن بە ئامرازی ڕاپرسی.

٤– دیاریکردنی خاڵە پۆزەتیڤ و نیگەتیڤەکانی مامەڵەی جەماوەر لەگەڵ دۆسییەی گەندەڵی.

## ١-٥: جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە

میتۆدی سەرەکی توێژینەوەکە لە جۆری (وەسفی)یە، توێژەر هەوڵدەدات بەپشتبەستن بە سەرچاوەی ئەکادیمی و بە بۆچونی واقیعییانە، هەڵسەنگاندن بۆ بابەت و ڕەهەند و لێکەوتەکانی توێژینەوەکە بکرێت.

لایەنی پراکتیکیش، لەڕێی ڕاپرسییەکی زانستییەوە لەناو بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک، دیدو تێڕوانینیان سەبارەت بە تەوەرە سەرەکییەکان بە میتۆدی (ڕوپێوکاری) وەرگیرا. لەپێناو فراوانی سامپڵەکە لەناو جەماوەردا، فۆرم بەهەردو شێوازی ئەلیکترۆنی و چاپکراو دابەش کرا، تیایدا (٣٢٤) فۆرمی ئۆنلاین لەلایەن هەردو ڕەگەز وەڵام دراونەتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە (١). بۆ ڕاستی و دروستی فۆرمەکەش بەرلە پەسەندکردنی، (ڕاستی و جێگیری) بۆ ئەنجام درا، بەم چەشنە:

–دروستی: بۆ دڵنیایی لە کوالیتی زانستییانەی فۆرمەکە لەڕوی گونجانی پرسیارەکانی لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکە، بەپشتبەستن بە ڕواڵەتی دروستی (الصدق الظاهری)، لەلایەن ژمارەیەک پسپۆڕی زانستییەوە هەڵسەنگاندن بۆ فۆرمەکە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

کرا، لەبەر ڕۆشنایی سەرنجەکانیشیان ئاڵوگۆڕ لە هەندێ بڕگەی پرسیاردا کرا. پاشان بەبەکارهێنانی هاوکێشەی (هۆڵستی)، ڕێژەی دروستییەکەمان دەرهێنا، کە بریتییە لە (٤.٩٠٪)، ئەمەش لە ڕوانگەی زانستییەوە بە پەسەند دادەنرێت.

## ١-٦: سنور و مشتەی توێژینەوەکە

سنوری توێژینەوەکە لەڕوی شوێنەوە شاری (سلێمانی)یە لە هەرێمی کوردستان. فاکتەری دەستنیشانکردنی شوێنەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی ئازادی ڕادەربڕین لە بایەخدان بە دۆسییەکانی گەندەڵی.

لەڕوی کاتەوە توێژەر (١ی تشرینی دوەم تا ١ی کانونی دوەمی ساڵی ٢٠٢٠ز) بۆ توێژینەوەکە هەڵبژارد، کە ماوەی گەرمی دۆسییەکانی قەیرانە ئابوری و کارگێری و یاساییەکان بوە بەهۆی قەیرانی بودجە و گرفتی کاروباری کارگێڕی فەرمانگەکان و ئاشکرابونی چەندین بابەتی هەستیاری گەندەڵی.

هەروەها لەڕوی مرۆییەوە، توێژەر بەهەردو شێوازی فۆرمی ئۆنلاین و چاپکراو، کۆمەڵێک بەکارهێنەری تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکی لە شاری سلێمانی وەک مشتەی توێژینەوەکە وەرگرتوە، هەوڵمان داوە بۆچونیان سەبارەت بە گرنگترین تەوەرەکانی گەندەڵی وەربگرین و تاوتوێیان بکەین.

## ١-٧: ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە

توێژەر لە ڕێکاری تیۆری و پراکتیکی توێژینەوەدا، چەند ئاستەنگێکی هەبو کە دیارترینیان بریتین لە:

-بەشی تیۆری: کەمی سەرچاوەی ئەکادیمی و داتای باوەڕپێکراو دەربارەی دۆسییەی هەستیاری گەندەڵی.

-بەشی پراکتیکی: توێژەر لە توانایدا نییە سەرجەم هاووڵاتیان بەنمونە وەربگرێت و پێویستە پەنا بۆ سامپڵ ببات، هەندێکجار فۆرمی ڕاپرسی بە بەرزترین کوالیتی ناتوانێ کۆی کۆمەڵگا وەربگرێت.

- کەمی (توێژینەوەی پێشو) بەهۆی تازەیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان.

## ١-٨: توێژینەوەکانی پێشو

تەشەنەسەندنی دیاردەی گەندەڵی، بۆتەمایەی بایەخدانی توێژەران بە ڕۆڵی میدیا وەک دەسەڵاتی چوارەم بۆ بەگژداچونەوەی ئەو دیاردەیە، چەندین توێژینەوە لەو بوارەدا ئەنجام دراون، کە سودیان لێبینراوە:

- توێژینەوەی (م.حاتەم بەدیوی ئەلشەمەری و ئیبتیهال جاسم) بەناونیشانی (دور وسائل الإعلام في مكافحة الفساد العراق أنموذجا) کە ساڵی (٢٠١٦ز) لە گۆڤاری (بابل) بۆ توێژینەوە مرۆییەکان بڵاوکراوەتەوە.

- توێژینەوەی (د.حەسەن گیوریان) بەناونیشانی (نقش رسانەهای جمعی در کنترل فساد اداری) کە ساڵی (٢٠١٢ز) لە گۆڤاری ئەکادیمی (مطالعات رسانەای) بڵاوی کردۆتەوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

-توێژینەوەی هەردو توێژەر (Anna M. Palau) (Jesús Palomo) بەناونیشانی ( The Role of the News Media in Fighting Corruption Practices: A Case Study of Spain) کە لە گۆڤاری ئەکادیمی (Journalism Studies) لە ساڵی (٢٠٢١ز) بڵاویان کردۆتەوە.

لەڕوی ئاراستە، میتۆدی نوسین و شرۆڤەی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەگژداچونەوەی دیاردەی گەندەڵی، سود لەم توێژینەوانە و چەندین توێژینەوەی ئەکادیمی وەرگیراوە.

## باسی دوەم:

### یەکەم: چەمک و پێناسی (گەندەڵی) و ڕەهەندەکانی

ڕەگوڕیشەی دەستەواژەی (گەندەڵی) لە زانستی زمانی کوردیدا، لە وشەیەکی ڕەسەنەوە وەرگیراوە کە ئاماژەیە بۆ دارِزین و بێکەڵکبون، پاشان چەمکەکە بەهەمان ماناوە لە بوارەکانیتری ژیانی مرۆیی بەکارهێنراوە. لەم ڕوانگەیەوە بە بڕوای پسپۆڕێکی دێرینی زمانی کوردی، ئەم زاراوەیە لە زمانی ڕەسەنی کوردیدا ئاماژەیە بۆ "داری وشکی کەڕەپوی کولۆر". (شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠١٧، لا ٥١٥).

سەبارەت بە هاوماناکانی ئەم چەمکە لە زمانی کوردیدا، بە بۆچونی شارەزایەکیتری زمانی کوردیش ئاماژەدانە بە "بەدکاری، بەزەڕی، بەگرێشەیی، زەڕندەیی". (ئیبراهیمی، ٢٠١٢، لا ١٢١٨)

پاشان وشەکە هاتۆتە فەرهەنگی ئابوری و سیاسەت، وەک ئاماژە بۆ ئەو کەس و لایەن و دامەزراوە فەرمی و نافەرمییانەی کە بێسود و زیانبەخشن.

هەروەها لە زمانی عەرەبیدا وشەی (الفساد) و لە زمانی ئینگلیزیشدا زاراوەی (Corruption) لەهەمبەر چەمکی گەندەڵیدا بەکاردەهێنرێت (بعلبكي ٢٠٠٤، ص ٢٢٠).

لەڕوی ناساندنی گشتی پرۆسەکەش، بەپێی پێناسی (بانکی جیهانی)، گەندەڵی واتا: خراپ بەکارهێنانی پۆستو پێگەی گشتی لەپێناو بەدەستهێنانی قازانجی تایبەت. (World Bank, 1997, P 8)

لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردودا لە هەرێمی کوردستان، ئەم چەمکە بۆتە دەستەواژەیەکی سیاسی-ئابوری بۆ ئاماژەدان بە خراپ بەکارهێنانی سەرچاوە ماددی و مەعنەوییەکانی کۆمەڵگا، لەڕێگەی پێشێلی یاسا یاخود بەپشتبەستن بە یاسا و ڕێنوێنییە نەشیاوەکان بێت.

ئەمرۆ دیاردەی گەندەڵی و هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی، بۆتە نیگەرانییەکی سەرەکی بۆ سەرجەم وڵاتانی پێشکەوتو و تازە گەشەسەندوش، ئەمەش پێویستی بە تێگەیشتن لە مەترسییەکانی و کۆنترۆڵی لێکەوتەکانی هەیە. ( Moran, J, 2001, P 69)

گەندەڵی بەگشتی لەناو حکومەت و کۆمەڵگادا، بۆ (٢) دو ئاست پۆلێن دەکرێت، کە لەڕوی شێوازی ئەنجامدان و کاریگەرییانەوە لەیەکتر جیاوازن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**-لەسەر ئاستی باڵا:** تیوەگلانی بەرپرس و دامودەزگا باڵاکانی حکومەتە، بەتایبەتی بەو ڕەفتار و پرۆژانەی بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان دەچنە خانەی گەندەڵی، دەشێ شێوازی یاسایی یا نایاسایی ئەنجام بدرێت. گەندەڵی لەسەر ئەم ئاستە واتە ئەو کارە نایاساییانەی لەلایەن بەرپرسانی پلە یەکی سیستەمی حکومڕانەوە ئەنجام دەدرێن. (دادخدایی، ١٣٩٠، ص ١٠٠)

ئەم ئاستی گەندەڵییە مەرج نییە هەر نایاسایی بێت، بەڵکو هەندێکجار بەرپرسە باڵاکان بە گرێبەستی دارایی و ئابوری لەگەڵ کەرتی تایبەتدا ئەنجامی دەدەن، بەڕواڵەت یاسایی و لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدایە، بەڵام لە ڕاستیدا بەهەدەردانی داهاتی گشتییە. (آکرمن، ١٣٩٧، ص ١٦٥)

ئەم گەندەڵییە کاریگەریی قوڵترە، ڕۆدەچێتە باڵاترین ئاستی حکومڕانی دەوڵەت، لەسەر ئاستێکی بەرفراوانیش متمانە بە حکومڕانی باش و سەروەریی یاسا و سەقامگیریی ئابوری لەناودەچێت.(Ackerman, 2000, P 321) .

**-لەسەر ئاستی دامەزراوە مامناوەند و بچوکەکانی حکومەت:** ئەم جۆرە گەندەڵییە ئاستێکی مامناوەندی هەیە، لەناو کارمەندانی حکومەتدایە کە بەهای دارایی و ڕێژەیەکەی سنوردارە، پتر لەنێوان کارمەندانی دەوڵەت و کەسانی نزیکیدا ئەنجام دەدرێت. (دادخدایی، ١٣٩٠، ص ١٠٢)

هەندێکجار بە گەندەڵی بچوکیش ناودەبرێت، چونکە ڕەفتار و مامەڵەیە بە برە پارە و دیاری و بەرژەوەندییەکی بچوک لەلایەن کەسانێک کە بەدوای خۆخستنەپێشەوە یا خستنەگەڕی دۆست و کەسوکارەکەیەتی لە کاری کەم بایەخدا. (نورزاد،١٣٨٩، ص ١٦)

سەبارەت بەشێواز و جۆرەکانی گەندەڵی، لەسەر ئاستی جیهان پۆڵێنی جۆراوجۆر کراوە، بەپێی وڵات و چۆنییەتی ئەنجامدانیشی گۆڕانی بەسەردا دێت. لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین جۆرەکانی دەدەین کە بەپێی هەلومەرجی کات و شوێن لە هەرێمی کوردستانیشدا هەن:

## ١-خراپبەکارهێنانی دەسەلات:

مەبەست لەو گەندەڵییە، بەکارهێنانی نیگەتیڤانەی دەسەلاتە لەلایەن خاوەن پۆست بەئامانجی وەدیهێنانی بەرژەوەندی تایبەتی. ئەم گەندەڵییە، زۆرجار بەهۆی بیرۆکراتییەوەیە، واتە کەسێک دەسەلاتێکی فراوانی هەیە و چاودێری بەسەرەوە نییە، یا ڕێوشوێنەکانی بڕیاردان هێندە ئاڵۆزە کە دامەزراوەی چاودێریی پوچەڵ و لاواز دەکات. (لانگست،١٣٨٧، ص٢٣-٢٤).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

### ٢-گەندەڵی کارگێڕی:

خولّقاندنی ڕۆتینه له كاروباری بەڕێوەبردندا، بە دو شێواز ئەنجام دەدرێت:

ا- پێشێلی یاسا و بڕیار و پرەنسیپە کارگێڕییەکان.

ب-دەستکاری یاسا و بڕیارو پرەنسیپە کارگێڕییەکان بۆ مەبەستی قازانجی تایبەتی یا دەستەیەک، لەبەرامبەریشدا پارە و کاڵا و خزمەتگوزارییەکی بەهادار وەربگرێت.(قلی‌پور،1385، ص٣٥)

### ٣-دزی و تاڵانبڕۆیی:

هەر ڕەفتارێک ئەم خاڵانەی تێدا بو ئەوا دەچێتە خانەی دزی و تاڵانبڕۆیی:

ا-داراییەک کە موڵکی کەسێکیتر بێ.

ب-داراییەک لە ڕێگەی نایاساییەوە گوازرابێتەوە، تۆمەتباریش هەوڵی شاردنەوەی تاوانەکە بدات.

ج-تۆمەتبارێ لە پۆستی کۆمپانیا یا دامەزراوەیەکی حکومیدا بێ و خراپ بەکارهێنانی تێدا بکات.

د-فریودانی خاوەندار لەکاتێکدا کە دارایی و ماڵومولّکی لەبەردەستدا بێ. (نورزاد،١٣٨٩، ص ١٨٣)

٤-ریشوەدان و بەرتیلخۆری:

پێدانێکی دارایی بە فەرمانبەرێکی حکومی و ناحکومی یا شارەزایەک بەمەبەستی ئەنجامدانی کارێکی کارگێڕی یا دادوەری ئەگەرچی ئەو کارە پەیوەندی بەئەویشەوە نەبێت، چ بە ڕاستەوخۆ یاخود لەرێگەی کەسانیتر داراییەکە وەربگرێت. (لنگرودی،١٣٨٢، ص ٢٣٥)

بەرتیل بەخشینی بڕە پارەیەک یاخود بەرژەوەندییەکە بەمەبەستی کاریگەرییەکی نادروست لەسەر کارێک یاخود بڕیارێک، ئەم ڕەفتارەش لەلایەن بەرتیلدەر یاخود بەرتیلوەرگرەوە پێشنیاز دەکرێت، دەشێ لە ڕێگەی چەندین ڕێوشوێنەوە بێت وەک: پارە و کاڵای بەنرخ، پشکی کۆمپانیا، درکاندنی زانیاریی ناوخۆیی دامەزراوەیەک، پەیوەندی سێکسی یاخود هەر شێوازێکیتر. دەشێ بەڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ و لەرێی کەسی سێیەمەوە ئەنجام بدرێت. (لانگست،١٣٨٧، ص١٨)

### ٥-پارە سپیکردنەوە:

ئەم پرۆسەیە کە بەدراوی ڕەش و لەکەدار و نامەشروعیش ناودەبرێت، بریتییە لە مامەڵەو ڕەفتارێک بۆ ساغکردنەوەی پارەومولّکی نامەشروع. (council of European publishing,1999.P17)

سەرجەم جۆرەکانی گەندەڵی کە ئاماژەمان پێداون، بەپێی ڕێژە لە وڵاتانی جیهاندا هەن.

لە هەرێمی کوردستانیش بەپێی ئامارە فەرمی و نافەرمییەکان دوچاری ئەم گەندەڵییانە بۆتەوە، وێڕای دامەزراوە یاسایی و ناحکومییەکانیش، تۆڕی کۆمەڵایەتیش ڕۆڵێکی گرنگی لە هەڵماڵین و بەگژداچونەوەیدا بینیوە کە لێرەدا



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

ئاماژەی بۆ دەکەین، پاشان لە بەشی سێیەمدا تاوتوێی بۆچونی خودی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانمان سەبارەت بە گەندەڵی کردوە.

## دووەم: ڕۆڵی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە بەگژداچونەوەی دیاردەی گەندەڵی

تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، لە ڕاستیدا بریتیین لە کۆمەڵێک وێبسایت لەسەربنەمای (تەکنەلۆژیای وێب ٢) ( Web two technologies) کە توانای ڕەخساندنی تۆڕی پەیوەندی و مامەڵەی ئەلیکترۆنی هەیە، بەتایبەتی (فەیسبوک، تویتەر، فرێند فیدز...) کە بونەتەمایەی ڕەخساندنی تۆڕێکی فراوانی پەیوەندی ئەلیکترۆنی.

سەرەتای پراکتیزەکردنی پرۆژەی فەیسبوک وەک تۆڕێکی کۆمەڵایەتی و میدیایی، دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی (مارک زوکەربێرگ) (Mark Elliot Zuckerberg) کە لە (٤ی نیسانی ٢٠٠٤ز)دا لە زانکۆی (هارڤارد) بۆ پەیوەندی ئەلیکترۆنی نێوان خوێندکاران دایمەزراند. پێشوازی گەرمی خوێندکاران لەو پرۆژەیە، بوەمایەی هاندەرێک بۆ (دەستین مۆسکۆڤتیز) (Dustin Moskovitz)ی هاوڕێی تا پرۆژەیەکی لەو چەشنەی بۆ زانکۆکانی (ستانفۆرد، کۆلۆمبیا، ییڵ)و چەند دامەزراوەیەکیتر بەرهەمبهێنێ، ئەمەش تۆڕی بەربڵاوی پەیوەندی هێنایەئارا. (Alexander, 2008, P 93)

ئێستا لاپەرەکانی وێب ئاسانکاری بۆ پرۆسەی مامەڵەی چالاکانەی لەنێوان ئەندامانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان کردوە لە ڕێی ئاڵوگۆڕی پەیامی بەپەلە، ڤیدیۆ، چات...(نبیح، ٢٠٠٨، ص ٩٤-٩٥)

لە هەرێمی کوردستانیش، زیادبونی ڕێژەی بەکارهێنەرانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت (فەیسبوک)، ئەگەر بەشێوازێکی دروست ئاراستە بکرێت دەتوانێ چەندین ڕۆڵی گرنگ بۆ بەگژداچونەوەی دیاردەی گەندەڵی ببینێ وەک:

**-بنکۆڵکاری و ڕوماڵی دۆسییەکانی گەندەڵی:** چەمکی ڕوماڵ و خستنەڕوی دۆسییە گرنگەکان مەسەلەیەکی گرنگی پەیوەندیدار بە دیاردەی گەندەڵییە، هەردو پسپۆڕ (داسگۆپتا) و (Desgupta) کشاروانی (Kesharwani) بەم چەشنە پێناسی ئەم پرۆسەیەیان کردوە: هەڵماڵینی کارە نافەرمی، نائاکاری و نارەواکانە لەلایەن ئەندامانی دامەزراوەیەک لەلایەن ئەو کەسو دامەزراوانەی مافی بەدواداچونیان هەیە". هەربۆیە ئەو کەسانە (کە بەگشتی ڕۆژنامەنوسن) میکانیزمێکی پڕبەها ئەنجام دەدەن تا برەو بە شەفافییەت لەناو حکومەتدا بدەن. (Moore, 2017, P 229).

**-پرۆتستۆ و دژێوکردنی دیاردەی گەندەڵی:** تۆڕی کۆمەیەلایەتی وەک میدیای نوێ دەتوانن لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕاپۆرتی پەیوەندیدار بە گەندەڵی دارایی و بەدواداچون و ڕوماڵکردنی، ڕۆڵێکی کاریگەر لە برەودان بە کلتوری دژەگەندەڵیدا بگێرن، واتە جۆرێک گەندەڵی دژێو بکەن کە ئەنجامدانی گەندەڵی کۆمەڵگادا ئاستەم ببێ.(پالتر، ١٣٩٢، ص ٢٥٢)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**-بەرھەمھێنانی کۆمەڵگای ھۆشیار:** میدیای نوێ دەتوانێ ھاوولاتی بەئاگا لە کۆمەڵگادا بەرھەمبھێنێ، بەدەربڕین و ئالوگۆڕی ئازادانەی ھەواڵ و زانیارییەکان، دەبنە مایەی ڕەخساندنی ئازادیی ڕادەربرین و ھزر و بلندگۆی ئاراستە جۆراوجۆرە سیاسی و کلتورییەکان، ئەم پرۆسەیەش بایەخێکی بنچینەیی بۆ ھێنانەدی دیموکراسیو حکومڕانییەکی شیاو ھەیە، بەم چەشنە پەیوەندی نێوان میدیا و ئازادی ڕادەربرین و ھاوولاتی ھۆشیار وێنادەکرێت. (Souder, 2010, P 58)

بە مانایەکیتر میدیا: دەتوانێ ببێتەمایەی بلاوکردنەوەی ھۆشیاریی و ئەخلاقی لەناو تاکەکانی کۆمەڵگا و ببنە ھاوکاری لیژنەکانی بەگژداچونەوەی گەندەڵی. ھەڵمەتەکانی ھۆشیارسازی ڕای گیشتیش بۆ ھەمان مەبەست ئۆرگانیزە بکات. (کافي، ٢٠١٦، ص ٤٧)

سەرجەم ئەو تەوەرانەی سەرەوە دەشێ وەک بنەمایەکی گرنگ بۆ خستنەگەڕی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت (فەیسبوک) بەکاربھێنرێت تا ڕۆڵی لە ڕوبەڕوبونەوەی دیاردەی گەندەڵی لە ھەرێمی کوردستان و کەمکردنەوە و بنەبڕکردنی لێکەوتەکانیدا ھەبێت. ئەمەش پێویستی بە گەڕانەوەیە بۆ تاوتوێی بۆچونەکانی بەکارھێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی ھەروەک لە بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیەدا ھاتوە.

## باسی سێیەم: لایەنی پراکتیکی

ھاتنەئارای تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک)، دەرفەتێکی ھەستیاری بۆ جەماوەر ڕەخساند تا بتوانن وێرای ئالوگۆڕی بیروبۆچون، زانیاری و داتا و دۆسییەی گرنگ سەبارەت بە مەسەلە گرنگەکانی کۆمەڵگا بزانن، بەتایبەتی دۆسییەی گەندەڵی و ڕەھەندەکانی کە کاریگەری لەسەر کۆی سیستەمی ژیان و حکومڕانی لە ھەرێمی کوردستان خولقاندوە. توێژەر کۆمەڵێک چینوتوێژی وەک سامپڵی توێژینەوەکە وەرگرتوە، ھەوڵی داوە لە ڕێگەی فۆرمی زانستییەوە بۆچونیان سەبارەت بەو بابەتە گرنگە وەربگرێت، پاشان بەپێی زانستی ئامار و پرۆگرامی (SPSS) شیتەڵیان بکات.

## یەکەم: تایبەتمەندی بەرتوێژان (المبحوثین) و پرسیارە گشتییەکانی توێژینەوە:

خشتەی ژمارە (١) تایبەتە بە ڕێژەی بەشداربوان بەپێی ڕەگەز کە وەک سامپڵێکی مرۆیی بۆ توێژینەوەکە وەرگیراون، ڕەگەزی نێر (١٧٦) کەسە کە بەڕێژەی (٥٤.٣٢٪)ی بەرتوێژان پێکدێنن. ھەروەھا (١٤٨) لە ڕەگەزی مێ بەشدارن کە بەڕێژەی (٤٥.٦٨٪) بەشداربون. زۆری ڕێژەی بەشداری ڕەگەزی نێر لە کۆمەڵگای توێژینەوەکەدا، دەگەڕێتەوە بۆ بایەخدانی زیاتری ڕەگەزی نێر بە تەوەرەی توێژینەوەکە کە پەیوەندیدارە بە دیاردەی گەندەڵی. بڕوانە خشتەی ژمارە (١)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**خشتەی (١): تایبەت بە ڕەگەزی بەرتوێژانی ڕاپرسی توێژینەوەکە**

| ژ | ڕەگەز | دووبارەبونەوە | % ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | نێر | ١٧٦ | %٥٤.٣٢ |
| 2 | مێ | ١٤٨ | %٤٥.٦٨ |
| | کۆی گشتی | ٣٢٤ | %١٠٠ |

## ٢-تەمەنی بەرتوێژان

لەم توێژینەوەیەدا، بەشداربوان لە تەمەنی یاسایی (١٨)ساڵەوە بەسامپڵ وەرگیراون، بەو مەرجەی بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بن.

تەمەنی گشت بەشداربوان بەپێی خشتەی ژمارە (٢)، بەم چەشنەیە: تەمەنی نێوان (١٨-٢٩ساڵ) بریتین لە (١٢٤) بەرتوێژ، کە بەڕێژەی (٣٨.٢٧٦٪)ەو بەپلەی یەکەم دێت. (١٠٢) بەرتوێژ تەمەنیان (٣٠-٣٩ ساڵ)ە، بەرێژەی (٣١.٤٨٪)ی بەشداربوانن و بەپلەی دووەمە. (٧٠) بەرتوێژ تەمەنیان (٤٠-٤٩ساڵ)ە، بەڕێژەی (٢١.٦٠٪)ەو بە پلەی سێیەمە. هەروەها تەمەنی (٥٠ساڵ و زیاتر) کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەمتر بەکاردەهێنن، ڕێژەیان لە نزمترین ئاستدایە، (٢٨) بەرتوێژ بەشدارییان کردوە کە بەڕێژەی (٨.٦٥٪)ە.

لایەنی پۆزەتیڤی تەمەنی بەرتوێژان، بەشداریی چالاکانەی گەنجە لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە سەرچاوەیەکی گرنگی هەواڵ و زانیارییە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٢)

**خشتەی (٢): تەمەنی بەرتوێژان و ڕێژەی بەشدارییان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا**

| ژ | تەمەن | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|---|
| 1 | 18-29ساڵ | ١٢٤ | %٣٨.٢٧ |
| 2 | 30- 39ساڵ | ١٠٢ | %٣١.٤٨ |
| 3 | 40ساڵ-٤٩ زیاتر | ٧٠ | %٢١.٦٠ |
| 4 | 50ساڵ و زیاتر | ٢٨ | %٨.٦٥ |
| | کۆی گشتی | ٣٢٤ | %١٠٠ |

## ٣-ئاستی بڕوانامەی بەرتوێژان

سەبارەت بە ئاستی خوێندنی بەرتوێژان، کە لە خشتەی ژمارە (٣)دا خراوەتەڕو، هەڵگرانی بڕوانامەی (دیبلۆم) بریتین لە (١٤٠) بەرتوێژ، بەڕێژەی (%٤٣.21) لە ڕاپرسییەکەدا بەشدارن و لە پلەی یەکەمدان. (١١٦) بەرتوێژ هەڵگری بڕوانامەی بەکالیۆرۆسن، ڕێژەی (٣٥.٨٠٪) بەشدارانی ڕاپرسییەکە پێکدێنن و بەپلەی دوەم دێن. هەروەها (٢٨) بەرتوێژ هەڵگری بڕوانامەی ماستەرن، بەڕێژەی (٨.٦٤٪) بەشداربوانن و لە پلەی سێیەمدایە. هەروەها (٢٤)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

بەرتوێژ ئاستی خوێندەوارییان بڕوانامەی ئامادەییە، بەڕێژەی (٧.٤١٪)ی ڕاپرسییەکە پێکدەهێنن و لە پلەی چوارەمدان. (١٦) بەرتوێژ خاوەنی بڕوانامەی باڵای دکتۆران، بەڕێژەی (٤.٩٤٪)ی بەشدارانی ڕاپرسییەکەن و لە پلەی پێنجەمی بگۆڕەکاندایە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٣)

**خشتەی (٣): ئاستی بڕوانامەی بەرتوێژان**

| ژ | ئاستی خوێندن | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دکتۆرا | ١٦ | %٤.٩٤ | پێنجەم |
| 2 | ماستەر | ٢٨ | %٨.٦٤ | سێیەم |
| 3 | بەکالیۆرۆس | ١١٦ | %٣٥.٨٠ | دوەم |
| 4 | دیبلۆم | ١٤٠ | %٤٣.21 | یەکەم |
| 5 | ئامادەیی و خوارتر | ٢٤ | %٧.٤١ | چوارەم |
| کۆی گشتی | | ٣٢٤ | %١٠٠ | |

## ٤-شوێنی نیشتەجێبون:

بەرتوێژان لە ناوچەکانی سنوری پارێزگای سلێمانیدا، بەشداریی ڕاپرسیەکەیان کردوە.

بەپلەی یەکەم، (٩٣) بەرتوێژ کە ڕێژەی (٥٧.٤١٪)ی بەشدارانی ڕاپرسییەکەن، نیشتەجێی ناوەندی شاری سلێمانین. بە پلەی دوەم،(٤٦) بەرتوێژ کە ڕێژەی (٢٨.٤٠٪)ی بەشداران پێکدێنن، نیشتەجێی قەزاکانی سەربە پارێزگای سلێمانین. هەروەها (١٦) بەرتوێژ بە ڕێژەی (٩.٨٧٪) بەشداری ڕاپرسییەکەن، دانیشتوی ناحییەکانی سەربە پارێزگای سلێمانین. (٧) بەرتوێژ بە ڕێژەی (٤.٣٢٪) نیشتەجێی گوندەکانن، لە ڕاپرسییەکەدا بەشدارن و بە کەمترین ئاست دادەنرێت. بڕوانە خشتەی ژمارە (٤)

**خشتەی ژمارە (٤): شوێنی نیشتەجێبونی بەرتوێژان**

| ژ | شوێنی نیشتەجێبون | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|---|
| 1 | ناوەندی پارێزگا | ١٨٦ | %٥٧.٤١ |
| 2 | قەزا | ٩٢ | %٢٨.٤٠ |
| 3 | ناحییە | ٣٢ | %٩.٨٧ |
| 4 | گوند | ١٤ | %٤.٣٢ |
| کۆی گشتی | | ٣٢٤ | ٣٢٤ |

## ٥- پیشەی بەرتوێژان:

جۆری پیشەی بەرتوێژان کاریگەری لەسەر بۆچونەکانیشیان هەیە، لەم ڕوانگەیەوە هەوڵمان داوە چینوتوێژ و پیشەی جیاواز بەنمونە وەربگرین. (٥١) کارمەند کە ڕێژەی (٣١.٤٨٪) پێکدێنن، بەپلەی یەکەم بەشدارییان لە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

ڕاپرســــییەکەدا کردوە. (٤٤) بەرتوێژ پیشـــەیان مامۆســــتایە کە ڕێژەی (٢٧.١٦٪)ی بەشــــدارانن. هەروەها (٣٢) خوێندکار بەشـدارن، بەڕێژەی (١٩.٧٥٪) ڕاپرسـییەکەن و بەپلەی سـێیەم دێت. ڕێژەیەکی کەمی بەشـدارانیش (١٢) بێکارن کە (٧.٤١٪)ی ڕاپرسییەکە پێکدێنن. کەمترین ڕێژەش کە (٨) پزیشکن، بەڕێژەی (٧.٤١٪)ی بەشدارن. بڕوانە خشتەی ژمارە (٥):

**خشتەی (٥): پیشەی بەرتوێژان**

| ژ | پیشە | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|---|
| 1 | کارمەند | ١٠٢ | %٣١.٤٨ |
| 2 | مامۆستا | ٨٨ | %٢٧.١٦ |
| 3 | خوێندکار | ٦٤ | %١٩.٧٥ |
| 4 | کاسب | ٣٠ | %٩.٢٦ |
| 5 | بێکار | ٢٤ | %٧.٤١ |
| 6 | پزیشک | ١٦ | %٤.٩٤ |
| **کۆی گشتی** | | ٣٢٤ | %١٠٠ |

## ٦- ئاستی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن بەرتوێژان:

سەبارەت ماوەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەناو بەرتوێژاندا لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا، بەم چەشنەیە بو، (١٢٤) بەرتوێژان کە زۆرینەن و بەڕێژەی (٣٨.٢٧٪)ی ڕاپرسییەکە پێکدێنن، (٣-٤) کاتژمێر لە شەو و ڕۆژێکدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن و بەپلەی یەکەم دێت.

هەروەها (٨٨) بەرتوێژ کە بە پلەی دوەم دێن و بەڕێژەی (٢٧.١٦٪)ی ڕاپرسییەکە پێکدێنن، ماوەی (٥-٦) کاتژمێر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن. بە پلەی سێیەمیش، (٧٦) بەرتوێژن، کە ڕێژەی (٢٣.٤٦٪)ی بەشدارانن، ماوەی (١-٢) کاتژمێر سەرقاڵی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن. تەنها (٣٦) بەرتوێژ کە ڕێژەی (١١.١١٪) پێکدێنن، ماوەی (٧) کاتژمێر و زیاتر کات بۆ ئەو مەبەستە تەرخان دەکەن. بڕوانە خشتەی ژمارە (٦).

**خشتەی ژمارە (٦): ماوەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن بەرتوێژان**

| ژ | شوێنی نیشتەجێبون | دوبارەبونەوە | % ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | کاتژمێر (1-2) | ٧٦ | ٢٣.٤٦ |
| 2 | کاتژمێر (3-4) | ١٢٤ | ٣٨.٢٧ |
| 3 | کاتژمێر (5-6) | ٨٨ | ٢٧.١٦ |
| 4 | کاتژمێرو زیاتر (7) | ٣٦ | ١١.١١ |
| **کۆی گشتی** | | ٣٢٤ | ٪١٠٠ |


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## دووەم: شیکردنەوەی ئەنجامی ڕاپرسی توێژینەوە:

لەپێناو دەستەبەری بۆچونی بەرتوێژان سەبارەت بە ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (بەتایبەت فەیسبوک) لە ڕومالّی دیاردەی گەندەڵی و بەگژداچونەوەی جۆر و لێکەوتەکانی، توێژەر هەوڵیداوە تەوەرە گرنگەکانی پەیوەست بەتوێژینەوەکە لە چوارچێوەی پرسیارەکانی ڕاپرسییەکەدا بخاتەڕو. هاوکات بەشێوەی داتا و ڕێژە، ڕێژەی وەڵامەکانیان شرۆڤە دەکەین، تابۆچونی بەرتوێژان وەک بەشێک بە جەماوەر، لەبارەی ئەو دیاردە مەترسیدارە تاوتوێ بکەین کە کاریگەری لەسەر بوارەکانی ژیانی خەڵک و سیستەمی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان جێهێشتوە.

## یەکەم: کاریگەری تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک) لە هەڵماڵین و خستنەڕوی دیاردەی گەندەڵی

ئەنجامی پرسیارێکی سەرەکی توێژینەوەکە دەریدەخات کە بەڕێژەی (٥٩.٥٧٪)ی بەرتوێژان بەتەواوەتی لەگەڵ ئەوەدان (تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک کاریگەری لەسەر هەڵماڵین و خستنەڕوی دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا هەبوە)، پلەی یەکەمی لە پلەبەندی بگۆڕەکاندا بەدەستهێناوە. بەڕێژەی (٢٠.٩٩٪) لەگەڵ ئەو کاریگەرییەدایە و لە پلەی دوەمدان. هاوکات بەرێژەی (٣.٧٠٪) دڵنیانین. بەڕێژەی (٩.٥٧٪) تائەندازەیەک دژن و بەڕێژەی (٦.١٧٪) تەواو دژن کە لە پلەی چوارەم و پێنجەمی پلەبەندییەکەدان.

بەرزی ئاستی ڕێژەی بگۆڕەکان بۆ جەختکردنەوە لەسەر کاریگەری تۆڕی کۆمەڵایەتی لەسەر هەڵماڵینی دیاردەی گەندەڵی، بۆ ئەو ڕاستییە دەگەرێتەوە کە بەهۆی نەبونی سانسۆر و ئاسانی لە دەستەبەری خزمەتگوزارییەکە، بۆتەمایەی زۆری و خێرایی لە داتا و زانیاریی بڵاوکراوەدا. لەهەمانکاتدا هەندێک لەبەرتوێژان کە لەگەڵ ئەو بۆچونەدا نین، فاکتەرەکەی دەشێ بۆ ئەوە بگەرێتەوە کە تائێستا کەمترین کەس و لایەن بەهۆی بڵاوبونەوەی دۆسییەکانیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی دوچاری سزادان و لێپرسینەوە بونەتەوە. بڕوانە خشتەی ژمارە (١).

| خشتەی ژمارە (١): تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک) کاریگەری لەسەر هەڵماڵین و خستنەڕوی دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا هەبوە | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٩٣ | ٥٩.٥٧ | یەکەم |
| لەگەڵیدام | ٦٨ | ٢٠.٩٩ | دوەم |
| دڵنیا نیم | ١٢ | ٣.٧٠ | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ٣١ | ٩.٥٧ | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ٢٠ | ٦.١٧ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٣٢٤ | ٪١٠٠ | - |


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## دووەم: پشتبەستن بە تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک) بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی دارایی و ئابوری

لەم ڕاپرسییەدا، بەڕێژەی (٤٥.٠٦٪)ی بەرتوێژان کە لە پلەی یەکەمدایە، تەواو لەگەڵ ئەوەدان کە هەواڵ و بابەتەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک) سەرچاوەی سەرەکییە بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی دارایی و ئابوری. بەرێژەی (٢٥٪)یش هاوڕان کە بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێناوە و لە پلەی دوەمدان. بەرزی ئاستی پلەی یەکەم و دوەمی ڕاپرسییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ گەشەسەندنی تەکنەلۆژیای پەیوەندی و ئاسانکاری لە دەستەبەری تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک)، ئەمەش بۆتەمایەی بەکارهێنانی ئەم میدیا نوێیە بۆ بەدەستهێنانی داتا و زانیاریی هەمەجۆر. هەروەها بەرێژەی (١٣.٨٩٪)ی بەرتوێژان کە لە پلەی سێیەمی پلەبەندییەکەدان، تائەندازەیەک ناتەبان لەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ زانیاری و داتای دارایی بەکاربهێنن. بەرێژەی (٨.٦٪)ی بەرتوێژان گومانیان لەوە هەیە تەنها تۆڕی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو مەبەستە بەکاربهێنن و لە پلە بەندی چوارەمدایە. بەرێژەی (٧.٤٢٪)یش بەتەواوەتی دژ بەوەیە کە تۆڕی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو ئامانجە بەکاربهێنێ، لە پلەی پێنجەمی بگۆڕەکاندایە، دەشێ فاکتەرەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە پشتبەستن بە ئامرازی تری میدیایی. بڕوانە خشتەی ژمارە (٢).

**خشتەی ژمارە (٢): پشتبەستن بەهەواڵ و بابەتی داراییو ئابوری لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک)دا**

| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | ١٤٦ | ٤٥.٠٦ | یەکەم |
| لەگەڵیدام | ٨١ | ٢٥ | دوەم |
| دڵنیا نیم | ٢٨ | ٨.٦٤ | چوارەم |
| تائەندازەیەک دژم | ٤٥ | ١٣.٨٩ | سێیەم |
| تەواو دژم | ٢٤ | ٧.٤٢ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٣٢٤ | ٪١٠٠ | - |

## سێیەم: ئازادیی بەدواداچون بۆ دۆسییەکانی گەندەڵی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا

بەڕێژەی (٤٥.٠٦٪)ی بەرتوێژان تەواو لەگەڵ ئەوەدان کە ئازادیی پێویست هەیە، لە پلەی یەکەمی بگۆڕەکاندایە. بەڕێژەی (٢٥٪) لەگەڵدان و لەپلەی دوەمدایە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بونی ئازادیی لە بنکۆڵکاری و بەدواداچون بۆ دۆسییەکانی گەندەڵی، لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستانیشدا جەخت لەسەر ئەو مافانە کراونەتەوە. لەهەمانکاتدا بەهۆی هەندێ هەرەشە و سانسۆریش، بەڕێژەی (١٣.٨٩٪)ی بەرتوێژان تائەندازەیەک دژ بەو بۆچونەن و پلەی سێیەمی وەرگرتوە، بەرێژەی (٨.٦٤٪)ی بەرتوێژان بۆچونیان وەهایە کە ئازادیی لەو بوارەدا نییە، لە پلەی چوارەمدایە. هەروەها بەرێژەی (٧.٤٢٪)ی بەرتوێژان بۆچونیان ناڕونە و دڵنیانین لەو ئازادییە، پلەی پێنجەمی ڕیزبەندی بگۆڕەکانی وەرگرتوە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٣).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

| خشتەی ژمارە (٣): ئازادیی بەدواداچوون بۆ دۆسیەی گەندەڵی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | **%** | **پلەکان** |
| **تەواو لەگەڵیدام** | ١٤٦ | ٤٥.٠٦ | یەکەم |
| **لەگەڵیدام** | ٨١ | ٢٥ | دوەم |
| **دڵنیا نیم** | ٢٤ | ٧.٤٢ | پێنجەم |
| **تائەندازەیەک دژم** | ٤٥ | ١٣.٨٩ | سێیەم |
| **تەواو دژم** | ٢٨ | ٨.٦٤ | چوارەم |
| **کۆی گشتی** | ٣٢٤ | ٪١٠٠ | - |

## چوارەم: متمانەی داتا و دۆسییەکانی گەندەڵی کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک)دا:

بەرتوێژان سەبارەت بەو پرسیارەی تاچەند متمانەیان بە داتا و دۆسییەکانی گەندەڵی دوتوێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، بۆچونیان جیاوازە. بەڕێژەی (٢٥.٣٠٪)ی بەرتوێژان بەتەواوەتی متمانەیان هەیە و بەپلەی یەکەم دێت، بەڕێژەی (%٢٣.٤٦)یش لەگەڵ ئەو بۆچونەدایە و بەپلەی دوەم دێن. لەهەمانکاتدا بەڕێژەی (٢٢.٨٤٪)ی بەشداربوان بەتەواوەتی باوەڕیان بەو بابەتانە نییەو لە پلەی سێیەمدایە. بەڕێژەی (١٦.٠٥٪)یش تائەندازەیەک دژ بە ئاستی متمانەی داتا و دۆسییەکانی گەندەڵییە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا و بەپلەی چوارەم دێن. هەروەها (١٢.٣٥٪)ی بەرتوێژان، دڵنیا نین لە ڕاستی و دروستی دۆسییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەپلەی پێنجەم دێت. هۆکاری گومانیش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری پەیجو ئەکاونتی فەیک و نەبونی بەدواداچون بۆ ڕاستی و دروستی دۆسییەکان لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا. بڕوانە خشتەی ژمارە (٤).

| خشتەی ژمارە (٤): ئاستی متمانەی داتا و دۆسییەکانی گەندەڵی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | **%** | **پلەکان** |
| **تەواو لەگەڵیدام** | ٨٢ | ٢٥.٣٠ | یەکەم |
| **لەگەڵیدام** | ٧٦ | ٢٣.٤٦ | دوەم |
| **دڵنیا نیم** | ٥٢ | ١٦.٠٥ | چوارەم |
| **تائەندازەیەک دژم** | ٤٠ | ١٢.٣٥ | پێنجەم |
| **تەواو دژم** | ٧٤ | ٢٢.٨٤ | سێیەم |
| **کۆی گشتی** | ٣٢٤ | ٪١٠٠ | - |


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## پێنجەم: بایەخی بەدواداچون بۆ دۆسییەکانی گەندەڵی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک)دا

گرنگی لە بەدواداچونی لایەنی پەیوەندیدار بەتایبەت داواکاری گشتی بۆ دۆسییەکانی گەندەڵی کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک)دا بڵاودەکرێنەوە، زۆرینەی بەرتوێژان بەڕێژەی (٢٥.٣٠٪) کە بەپلەی یەکەمی بگۆڕەکان دێت، بەتەواوەتی پێیانوایە پێویستە هەنگاوی جددی هەبێت بۆ دۆسییەکانی گەندەڵی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکرێنەوە. بەڕێژەی (٣٥.٨٠%)ی بەشداربوانیش لەگەڵ ئەو بۆچونەدان. لەهەمانکاتدا ڕێژەیەکی کەمی بەرتوێژان (٧.٧٢٪) کە پلەی سێیەمدایە، گومانیان لەوە هەیە ئەو بایەخدانە بەدۆسییەکان، ببێتەمایەی بنەبڕبونی دیاردەکە. بەڕێژەی (٥.٨٦٪)یش کە لە پلەی چوارەمدایە، باوەڕی بەو بابەتە نییە. دەشێ هۆکارەکەی لایەنگری گەندەڵکاران بێت کە هەندێکیان لێی سودمەندن یا گومانیان لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەکان هەبێت. هیچکام لە بەرتوێژان دژ بەو بایەخە نەبوە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٥).

**خشتەی ژمارە (٥): بایەخی بەدواداچون بۆ دۆسییەکانی گەندەڵی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا**

| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | ١٦٤ | ٥٠.٦٢ | یەکەم |
| لەگەڵیدام | ١١٦ | ٣٥.٨٠ | دوەم |
| دڵنیا نیم | ٢٥ | ٧.٧٢ | سێیەم |
| تائەندازەیەک دژم | ١٩ | ٥.٨٦ | چوارەم |
| تەواو دژم | ٠ | ٠ | پێنجەم |
| **کۆی گشتی** | ٣٢٤ | ٪١٠٠ | - |

## شەشەم: بایەخی دۆسییەی گەندەڵی کارگێڕی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک)دا

گرفتی ڕۆتین و دواکەوتنی کاروباری جەماوەر لە دامەزراوەکاندا، دەچنە خانەی گەندەڵی کارگێڕی، لەبارەی بایەخیشی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا پرسیار لە بەرتوێژان کراوە.

بەڕێژەی (٣٩.٥١٪)ی بەرتوێژان کە پلەی یەکەمە لە بگۆڕەکانی توێژینەوەکە، پێیانوایە وروژاندنی گەندەڵی کارگێڕی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جێی بایەخە. بەڕێژەی (٢٥.٩٢٪)ی بەرتوێژانیش هاوڕان کە لە پلەی دوەمدایە. لەهەمانکاتدا (٢٥.٣١٪)ی بەشداران کە لە پلەی سێیەمی ڕاپرسییەکەدایە، بۆچونیان وەهایە کە جێی گرنگیدان نییە. بەڕێژەی (٤.٩٤٪)ی بەشداران لەو بۆچونە نزیکن و بەپلەی چوارەم دێت، ئەم ڕێژە بەرزەش دەشێ بەهۆی تێکەڵاوکردنی ئامانجی تایبەت بێ لە وروژاندنی گەندەڵی کارگێڕی. وێرای ئەمەش، بەڕێژەی (٤.٣٢٪)ی بەشداران دڵنیانین و لە پلەی پێنجەمدایە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٦).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**خشتەی ژمارە (٦): بایەخدان بە دۆسییەی گەندەڵی کارگێڕی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک)دا**

| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | ١٢٨ | ٣٩.٥١ | یەکەم |
| لەگەڵیدام | ٨٤ | ٢٥.٩٢ | دوەم |
| دڵنیا نیم | ١٤ | ٤.٣٢ | پێنجەم |
| تائەندازەیەک دژم | ١٦ | ٤.٩٤ | چوارەم |
| تەواو دژم | ٨٢ | ٢٥.٣١ | سێیەم |
| **کۆی گشتی** | ٣٢٤ | ٪١٠٠ | - |

## حەوتەم: بایەخی دۆسییەی گەندەڵی دارایی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک)دا

زۆرینەی بەشداربوان (٪٥٣.٠٩) بەپلەی یەکەم، بایەخدانی تۆڕی کۆمەڵایەتی بە گەندەڵی دارایی بەپرۆسەیەکی گرنگ دەزانن لەپێناو فەراهەمهێنانی مافی زانین بۆ جەماوەر سەبارەت بە دۆخی ئابوری. هەروەها بەڕێژەی (٪٢٧.٤٧) لەگەڵ ئەو ڕوانگەیەدان و بەپلەی دوەم دێت. لەهەمانکاتدا بەپێچەوانەشەوە بەڕێژەی (٪١٠.١٩)ی بەرتوێژان دژن و بەڕێژەی (٪٨.٠٢) تائەندازەیەک دژن کە لە پلەی سێیەم و چوارەمی بگۆڕەکانی توێژینەوەکەدان. ڕێژەیەکی زۆر کەمی بەشدارانیش (٪١.٢٣) بۆچونیان ڕون نییە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٧).

**خشتەی ژمارە (٧): بایەخدان بە دۆسییەی گەندەڵی دارایی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک)دا**

| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | ١٧٢ | ٥٣.٠٩ | یەکەم |
| لەگەڵیدام | ٨٩ | ٢٧.٤٧ | دوەم |
| دڵنیا نیم | ٤ | ١.٢٣ | پێنجەم |
| تائەندازەیەک دژم | ٢٦ | ٨.٠٢ | چوارەم |
| تەواو دژم | ٣٣ | ١٠.١٩ | سێیەم |
| **کۆی گشتی** | ٣٢٤ | ٪١٠٠ | - |

## هەشتەم: بایەخدان بە دۆسییەی بەرتیلوەرگرتن لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک)دا

پرسیار دەربارەی بایەخدان بەبڵاوکردنەوەی دۆسییەی تاوانی بەرتیلوەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، تاچەندە جێگەی سەرنجی بەرتوێژانن، بۆچونی جیاوازی خوڵقاندوە.

بەڕێژەی (٪٤١.٣٦) بەرتوێژان کە پلەی یەکەمی لە بگۆڕەکانی توێژینەوەکەدا وەرگرتوە، تەواو لەگەڵ ئەوەدان کە دۆسییەی بەرتیلوەرگرتن بوروژێنرێت، بەڕێژەی (٪٣٧.٦٥)ی بەرتوێژان تائەندازەیەک لەگەڵ ئەو بۆچونەدان. وێڕای


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

ئەمانەش، بەڕێژەی (١١.١١٪)ی بەرتوێژان تائەندازەیەک دژن، بەڕێژەی (٧.٤١٪)ی بەشداران تەواو دژی وروژاندنی دۆسییەکەن، بەپلەی سێیەم و چوارەمی بگۆڕەکان دادەنرێن. دەشێ فاکتەرەکەی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان یا سڵەمینەوە بێ لەوەی کە بڵاوکردنەوەی دۆسییەکان بۆ ئامانجی تایبەت بەکاربهێنرێت. بەڕێژەی (٢.٤٧٪)ی بەرتوێژانیش لە بایەخەکەی دڵنیانین. بڕوانە خشتەی ژمارە (٨).

| خشتەی ژمارە (٨): دۆسییەی پەیوەندیدار بە بەرتیلوەرگرتن لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک)دا | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٣٤ | ٤١.٣٦ | یەکەم |
| لەگەڵیدام | ١٢٢ | ٣٧.٦٥ | دوەم |
| دڵنیا نیم | ٨ | ٢.٤٧ | پێنجەم |
| تائەندازەیەک دژم | ٣٦ | ١١.١١ | سێیەم |
| تەواو دژم | ٢٤ | ٧.٤١ | چوارەم |
| کۆی گشتی | ٣٢٤ | ٪١٠٠ | - |

## نۆیەم: بایەخدان بە گەندەڵی بە پارەسپیکردنەوە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک)دا

ئەم چەشنە گەندەڵییە کە ساغکردنەوەی پارە و دراوە بەنایاسایی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا، بۆتە مامەڵەیەکی مەترسیدار بۆسەر ئاسایشی ئابوریی کۆمەڵگا، لەم ڕوانگەیەوە جێی بایەخە میدیای نوێیە. بەڕێژەی (٤٥.٠٦٪)ی بەرتوێژان کە بە پلەی یەکەم دێت، وروژاندنی مەسەلەی پارەسپیکردنەوە بەکارێکی گرنگ دەزانن. بەڕێژەی (٢٥.٣١)ی بەشداربوانیش هەر لەگەڵ ئەو بۆچونەدان. لەهەمانکاتدا ڕای پێچەوانەش لەناو بەرتوێژان هەیە، بەڕێژەی (١٣.٨٩)ی بەشداران تەواو دژن و بەڕێژەی (٨.٩٥)یش تائەندازەیەک دژن کە پلەی سێیەم و چوارەمی بگۆڕەکانی توێژینەوەکەیان وەرگرتوە. بەڕێژەی (٦.٧٩)ی بەرتوێژانیش لە گرنگییەکەی دڵنیانین کە دەشێ ئاگاداری کاریگەرییەکانی ئەو جۆرە مامەڵە نایاساییە نەبن لەسەر باری ئابوری و بژێوی کۆمەڵگا. بڕوانە خشتەی ژمارە (٩).

| خشتەی ژمارە (٩): بایەخی وروژاندنی دۆسییەی پارەسپیکردنەوە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک)دا | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٤٦ | ٤٥.٠٦ | یەکەم |
| لەگەڵیدام | ٨٢ | ٢٥.٣١ | دوەم |
| دڵنیا نیم | ٢٢ | ٦.٧٩ | پێنجەم |
| تائەندازەیەک دژم | ٣١ | ٨.٩٥ | چوارەم |
| تەواو دژم | ٤٥ | ١٣.٨٩ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٣٢٤ | ٪١٠٠ | - |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## دەیەم: بایەخی هەواڵ و داتای تایبەت بەدزی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک)دا

بڵاوبونەوەی هەواڵ و زانیاری لەبارەی تاوانی دزی و خراپ بەکارهێنانی موڵک و دارایی گشتی، دۆسییەیەکی هەستیاری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە، ئەمەش جێگەی بایەخی جەماوەرە لە هەرێمی کوردستان. بەرێژەی (٤٥.٠٦٪)ی بەرتوێژان بە تەواوەتی و بەپلەی یەکەم بایەخ بە هەواڵ و داتا سەبارەت بەو تاوانە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا دەدەن، بەرێژەی (٢٥.٣١٪)یش لەگەڵ ئەو تێڕوانینەن. بەرێژەی (١٣.٨٩٪)ی بەرتوێژان بەپلەی سێیەم و بەرێژەی (٨.٩٥٪) بەپلەی چوارەم دژ بەو بۆچونەن، دەشێ فاکتەرەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەو بابەتانە بۆ ئامانجی تایبەت دەوروژێن، یا ئەو بەرتوێژانە دژ بەو دۆسییەیە بن چونکە پەیوەندی بە ئاراستەی سیاسی و نزیکایەتییان لە بکەرەکانی تاوانەکەوە هەبێت. بەرێژەی (٦.٧٩٪)ی بەشدارانیش دڵنیا نین لە بایەخی ئەو دۆسییەیە. بڕوانە خشتەی ژمارە (١٠).

| خشتەی ژمارە (١٠): بایەخی هەواڵ و داتای تایبەت بە دزی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبوک)دا | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٤٦ | ٤٥.٠٦ | یەکەم |
| لەگەڵیدام | ٨٢ | ٢٥.٣١ | دوەم |
| دڵنیا نیم | ٢٢ | ٦.٧٩ | پێنجەم |
| تائەندازەیەک دژم | ٤٥ | ١٣.٨٩ | سێیەم |
| تەواو دژم | ٣١ | ٨.٩٥ | چوارەم |
| کۆی گشتی | ٣٢٤ | ٪١٠٠ | - |

## یانزدەیەم: هەواڵ و زانیاریی لەبارەی بەهەدەردانی سامانی نەتەوەیی

رۆژانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دۆسییەی پەیوەست بە هەدەردانی سامانی نەتەوەیی بەتایبەت نەوت و گازی سروشتی بڵاودەکرێنەوە، ئەمەش مایەی سەرنجی رای گشتییە. لەم راپرسییەدا بەرێژەی (٣٦.٤٢٪)ی بەرتوێژان بەپلەی یەکەم بەتەواوەتی لەگەڵ بایەخی ئەو هەواڵ و زانیارییانەدان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا. بەرێژەی (٣٥.١٨٪) لەگەڵ ئەو بۆچونەدان و بەپلەی دوەم دێت. بەرێژەی (١٦.٦٧٪)ی بەرتوێژان دژ بەو بۆچونەن، دەشێ لەبەر لایەنی ئاسایشی نەتەوەیی یاخود هاوبەرژەوەندیی بێت لەگەڵ لایەنە بەفیرۆدەرەکانی سامانی نەتەوەیی. بەرێژەی (١١.٧٣٪) کە لە پلەی چوارەمی بگۆڕەکاندایە، دڵنیا نین. هەروەها هیچکام لە بەشدارانیش بەتەواوەتی دژی وروژاندنی دۆسییەکە نین. بنۆڕە خشتەی ژمارە (١١).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

| خشتەی ژمارە (١١): هەواڵ و زانیاریی لەبارەی بەهەدەردانی سامانی نەتەوەیی | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ١١٨ | ٣٦.٤٢ | دووەم |
| لەگەڵیدام | ١١٤ | ٣٥.١٨ | یەکەم |
| دڵنیا نیم | ٣٨ | ١١.٧٣ | چوارەم |
| تائەندازەیەک دژم | ٥٤ | ١٦.٦٧ | سێیەم |
| تەواو دژم | ٠ | ٠ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٣٢٤ | ٪١٠٠ | - |

## دوانزدەهەم: پەیج و ئەکاونتی بێ ناسنامە و دیاردەی گەندەڵی و ململانێی نادروست

گرفتێکی سەرەکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، پەیج و ئەکاونتی بێ ناسنامانەن کە زۆرجار هەواڵ و زانیاری نادروست بەناوی گەندەڵی بۆ شکاندنی کەس و لایەنەکان بڵاودەکەنەوە، ئەمەش بۆتەمایەی چەواشەکردنی ڕای گشتی، هەربۆیە وەک پرسیارێک بۆ بەرتوێژان خراوەتەڕو.

زۆرینەی ڕەهای بەشداران بەرێژەی (٥٦.٧٩) تەواو هەڵگری ئەو بۆچونەن، بەرێژەی (٣٠.٢٥٪)ی بەرتوێژانیش هاوڕان و بەپلەی دوەم دێت. لەهەمانکاتدا بەرێژەی (٨.٩٥٪)ی بەرتوێژان تائەندازەیەک دژن، بەرێژەی (٢.١٦٪) تەواو دژ بەو تێڕوانینەن کە لە پلەی سێیەم و چوارەمدان، دەشێ پاساوەکەیان ئەوە بێت کە ئەو پەیج و ئەکاونتانە ڕەها و دور لە سانسۆرن. بەرێژەی (١.٨٥)ی بەشداران دڵنیا نین و لە پلەی پێنجەمدایە. بڕوانە خشتەی ژمارە (١٢).

| خشتەی ژمارە (١٢): پەیج و ئەکاونتی بێ ناسنامە، دیاردەی گەندەڵیان کردوە بە ئامرازی ململانێ | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٨٤ | ٥٦.٧٩ | یەکەم |
| لەگەڵیدام | ٩٨ | ٣٠.٢٥ | دوەم |
| دڵنیا نیم | ٦ | ١.٨٥ | پێنجەم |
| تائەندازەیەک دژم | ٧ | ٨.٩٥ | سێیەم |
| تەواو دژم | ٢٩ | ٢.١٦ | چوارەم |
| کۆی گشتی | ٣٢٤ | ٪١٠٠ | - |


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## سیانزدەیەم: كاریگەری تۆڕی كۆمەڵایەتی بۆ خۆپارێزی كەس و لایەنەكان لە گەندەڵی

سەبارەت بەو پرسیارەی تا چەندە تۆڕی كۆمەڵایەتی بۆتە فشارێك بۆسەر كەس و لایەنە فەرمی و نافەرمییەكان تا خۆیان لە گەندەڵی بپارێزن، بەرێژەی (٣٦.٧٣٪)ی بەشداران بە تەواوەتی باوەڕیان بەو فشارە هەیە و لە پلەی یەكەمدایە، بەڕێژەی (٢٩.٦٣٪)یش لەگەڵ ئەو بۆچونەدان و بەپلەی دوەم دێت. هەروەها بەڕێژەی (١٢.٩٦٪) گومانیان لە بونی ئەو فشارە هەیە و دڵنیانین كە بەپلەی سێیەم دێت.

تێڕوانینێكی پێچەوانەش لەناو بەرتوێژاندا هەبو، بەرێژەی (١٢.٠٤٪) تائەندازەیەك دژ بەو دیدگایەن كە تۆڕی كۆمەڵایەتی بتوانێ فشار دروست بكات، بەرێژەی (٨.٦٤)یش تەواو دژ بەو دیدگای دروستبونی فشارەن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پەرەسەندنی گەندەڵی كە وێڕای فشاری تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان، هێشتا لە هەرێمی كوردستان بەردەوامە. بڕوانە خشتەی ژمارە (١٣).

| خشتەی ژمارە (١٣): تۆڕی كۆمەڵایەتی فشاری بۆ خۆپارێزی لە گەندەڵی دروستكردوە | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەكان | ژمارە | % | پلەكان |
| تەواو لەگەڵیدام | ١١٩ | ٣٦.٧٣ | یەكەم |
| لەگەڵیدام | ٩٦ | ٢٩.٦٣ | دوەم |
| دڵنیا نیم | ٤٢ | ١٢.٩٦ | سێیەم |
| تائەندازەیەك دژم | ٣٩ | ١٢.٠٤ | چوارەم |
| تەواو دژم | ٢٨ | ٨.٦٤ | پێنجەم |
| كۆی گشتی | ٣٢٤ | ٪١٠٠ | - |

## چواردەیەم: ڕۆڵی تۆڕی كۆمەڵایەتی لە هۆشیاری جەماوەری و هاندان بۆ چاكسازی

ڕۆڵ و پێگەی تۆڕی كۆمەڵایەتی لە پرۆسەی هۆشیاریی كۆمەڵگا و دامەزراوەكانی هاندانیان بەرەو ریفۆرم، پرسیارێكیتری توێژینەوەكەمانە. بەرێژەی (٣١.٤٨٪)ی بەشداران بڕوای تەواوەتیان بە ڕۆڵی تۆڕی كۆمەڵایەتی لەو پێناوەدا هەیە، بەرێژەی (٢٣.٤٦٪) هاوڕای هەمان بۆچون و لەپلەی دوەمدایە. هەروەها بەرێژەی (١٨.٨٣٪)ی بەرتوێژان دڵنیانین و گومانیان لە ڕۆڵی تۆڕی كۆمەڵایەتی هەیە و لەپلەی سێیەمی بگۆڕەكاندایە. بەرێژەی (١٦.٠٥٪)ی بەرتوێژان بۆچونیان تەواو پێچەوانەیە، بەرێژەی (١٠,١٨٪)یش تائەندازەیەك ناتەبان لەگەڵ ڕۆڵی تۆڕی كۆمەڵایەتی، دەشێ فاكتەرەكەشی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە كە تۆڕی كۆمەڵایەتی بەبێ پشتەوانەیەكی یاسایی و پرۆژەی ستراتیژی بۆ بنەبڕكردنی گەندەڵی، بەتەنها نەتوانێ پرۆسەی هۆشیاریی و هاندان بۆ چاكسازی سەربخات. بڕوانە خشتەی ژمارە (١٤).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

| خشتەی ژمارە (١٤): پێویستە تۆڕی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی لە هۆشیاری جەماوەری و هاندان بۆ چاکسازی و ریفۆرمی ئابوری هەبێت. | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | % | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | 102 | ٣١.٤٨ | یەکەم |
| لەگەڵیدام | 76 | ٢٣.٤٦ | دوەم |
| دڵنیا نیم | ٦١ | ١٨.٨٣ | سێیەم |
| تائەندازەیەک دژم | ٣٣ | ١٠,١٨ | پێنجەم |
| تەواو دژم | ٥٢ | ١٦.٠٥ | چوارەم |
| کۆی گشتی | ٣٢٤ | ٪١٠٠ | - |

## دەرەنجامەکان:

لە شرۆڤەی توێژینەوەکەدا، توێژەر کۆمەڵێک دەرەنجامی گرنگی دەستخستوە کە بریتین لە:

–بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک لەئاستێکی بەرزدایە، دەتوانێ ببێتە ئامرازێک بۆ پەرەپێدانی هۆشیاری بۆ بەگژداچونەوەی گەندەڵی.

–تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک دەتوانێ ڕۆڵی چاودێر ببینێ بۆ دژایەتی جۆرەکانی گەندەڵی وەک: خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، ڕۆتین، دزی و تاڵانبرۆیی، ریشوەو بەرتیل، پارەسپیکردنەوە.

–ڕۆڵی تۆڕی کۆمەڵایەتی لە بنکۆڵکاری و ڕوماڵی دۆسییەکانی گەندەڵیدا، بە گرنگ دادەنرێت.

– پرۆتستۆ و دزێوکردنی دیاردەی گەندەڵی، ئەرکێکی گرنگی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکە.

–پلاندانان بۆ ڕۆڵی تۆڕی کۆمەڵایەتی، دەتوانێ کۆمەڵگای هۆشیاری دژ بە گەندەڵی بەرهەمبهێنێ.

– ئەرکی تۆڕی کۆمەڵایەتییە بە بڵاوکردنەوەی داتا وزانیاری، شەفافییەت دروست بکات.

–رەخساندنی ئازادیی بۆ تۆری کۆمەڵایەتی، دەبێتەمایەی هەڵماڵینی دۆسییەکانی گەندەڵی.

– پەیج و ئەکاونتی فەیک و نەبونی بەدواداچون بۆ ڕاستی و دروستی دۆسییەکان لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا، قەیرانی متمانەی لەلای جەماوەر دروستکردوە.

–دۆسییەکانی تایبەت بە جۆرەکانی گەندەڵی، جێگەی بایەخی بەکاهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتین.

– تۆڕی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر کەس و لایەنەکان هەیە بۆ خۆپارێزی لە گەندەڵی.

–دەتوانرێ تۆڕی کۆمەڵایەتی بۆ هاندانی دەسەڵات و جەماوەر بۆ چاکسازی بخرێتەگەڕ.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## ڕاسپاردە و پێشنیاز:

توێژەر دوای خستنەڕوی ئەنجامەکان، کۆمەڵێک پێشنیاری لەپێناو ئەکتیڤکردنی ڕۆڵی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکدا بەئامانجی کەمکردنەوەو بنەبڕکردنی گەندەڵی و لێکەوتەکانی دەخاتەڕو:

-گەڵاڵەکردنی ستراتیژ و پلان لەلایەن دامەزراوە یاساییەکان و ڕێکخراوەکانی بواری میدیا لەبەر ڕۆشنایی جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، بۆ برەودان بە هۆشیاریی جەماوەریی بەئامانجی پابەندبون بەو یاسایانەی کە جۆرەکانی گەندەڵی بنەبڕدەکەن.

-دروستکردنی ڕای گشتی لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و دەستەبژێر و ڕوناکبیرانەوە، لەناو بەکارهێنەرانی تۆری کۆمەڵایەتی تا ببنە کارتی فشار دژ بەگەندەڵی.

ئەکتیڤکردنی داواکاری گشتی بۆ بەدواداچون بۆ ئەو ڕەخنە و داتایانەی لەپێناو دژایەتی گەندەڵی بڵاودەبنەوە، هەم سزادانی ئەو پەیجە فەیکانەی داتا و زانیاری نادروستیان تێدایە.

-دامەزراندنی ئەنجومەنێکی چاودێریی میدیا بۆ گرەنتی ئازادیی ڕادەربرین و شەفافییەتی زیاتر.

-خستنەگەڕی تۆری کۆمەڵایەتی (لەلایەن دامەزراوە یاسایی و ڕێکخراوە مەدەنی و میدیاییەکانەوە) بۆ ناساندنی جۆرەکانی گەندەڵی بەئامانجی خۆپارێزی لەتاوان.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

# The Role of Facebook in Covering Corruption in Kurdistan Region

**Karzan Mahamed Ahmed**
Media Technique Department,Technical College of Administration, Sulaimani Polytechnic University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** karzan.ahmed@spu.edu.iq

**Abstract:**

This research (the role of facebook in covering corruption in Kurdistan region) is one of the hotly debated topics in media which is directly related to the society and the adminstration system in Kurdistan Region.

The significance of the research entails the analysis of views of facebook users about an iminent issue which is corrouption and its ramifications.

The goal of the research is to define the concept of corruption and its types, levels and styles. Morover, the research attempts to find solutions for this serious phenomenon. Any step taken to combat corruption is considered as a service to the development of the society of Kurdistan Region. The research is descriptive. Questionaires and surveys are used to collect the views of facebook users. A bunch of results and recommendations are presented to combat corruption.

The most important goals are: the impact of facebook in exposing corruption cases, investigation and presenting data and information, educating the public and creating pressure to punish the corrupted individuals in Kurditan Region.

The most important recommendations: Drafting a strategy for the purpose of educating the public in order to adher to the anti- corruption rules. Establishing a council to overlook the media in order to garantee the freedom of expression and more transparency.

**Keywords:** Role of Facebook, Corruption, Kurdistan Region.

## سەرچاوەكان:

عەبدوڵلا ئیبراهیمی: كاوە (فەرهەنگی فارسی-كوردی)، بەرگی دوەم، چاپی یەكەم، ٢٠١٢.

محەمەدی خاڵ (شێخ): فەرهەنگی خاڵ، چاپخانەی ڕۆژهەلات، ٢٠١٧.

أمينة نبيح (الدكتور): الاتصال الرقمي و الاعلام الجديد (موقع Facebookنموذجا)، عمان، ٢٠١٨

روحي بعلبكي: المورد، دار العلم للملايين، لبنان، الطبعة السابعه و الثلاثون، ٢٠٠٤.

مصطفى يوسف كافي(الدكتور): الاعلام و الفساد الاداري و المالي و تداعياتة علي العمل الحكومي، الطبعة الاولي،٢٠١٦، الاردن.

پيتر لانگست و ديگران: برنامەهای جهانی مبارزه با فساد، ترجمه: اميرحسين جلالی فراهانی، ١٣٨٧هـ.ش،٢٠٠٨ز، انتشار دفتر مطالعات و فناوریهای نوين.

جعفري لنگرودي، ترمينولوژي حقوق، ١٣٨٢، انتشارات گنج دانش.

ديويد پالتر: ارتباطات سياسی در عمل، ترجمه مهدی شفقتی،١٣٩٢-٢٠١٣ز، انتشارات سروش.

رحمت‌الله قلی‌پور (دكتر): طيبه نيک‌رفتار: فساد اداریو راهكارهای مناسب برای مبارزه با أن، مجله مجلس وپژوهش، سال١٣، ١٣٨٥-٢٠٠٦ز ، شماره ٥٣.

سوزان‌رز آكرمن: فسادو دولت، ترجمه: منوچهر صبوری، چاپ اول، ٢٠١٨، نشر پرديس دانش.

ليال دادخدايی: فساد مالی اداری و سياست جنايی مقابله با أن با تكيه بر كنوانسيون سازمان ملل متحد بری مبارزه با فساد، چاپ اول، تهران، ٢٠١١، نشر ميزان.

مجتبی نورزاد: جرائم اقتصادی در حقوق كيفری ايران، چاپ اول، تهران، ٢٠١٠، انتشارات جنگل.

Alexander, B. (2008). "Web 2.0: A New Wave of Innovation for Teaching and Learning", University of Southern California,October.

Dirty money the evelouation of money laundering connter measures Strasburg,council of European publishing,1999.

Maria A. Moore, John Huxford, Jennifer B. Bethmann:"A Dangerous Policy Dance of Truth- finding, Truth-telling, and Consequence" In Corruption, Accountability and Discretion. Published online: 12 Oct 2017.

Moran, J., Doig, A., Watt, D.: Managing Anti-Corruption Agencies. Forum on Crime and Society 1(2001).

Souder, Lawrence (2010) 'A Free-market Model for Media Ethics: Adam Smith's Looking Glass', Journal of Mass Media Ethics.

Rose-ackerman, S:"Democracy and 'Grand Corruption'" UNESCO, 1996 (ISSI 149/1996), Reprinted in Williams, R., ed. Explaining Corruption, Elgar Reference Collection, UK, 2000.

World Bank, Helping Countries to Combat Corruption, The Role of World Bank, 1997.

## پەراوێز:

[i]- فۆرمەكە بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی (ڕاستی ڕواڵەتی)، پێشكەش بە سێ پسۆڕی ئەكادیمی كرا كە بریتیبون لە (پ.د. موجتەبا ئەمیری، پ.ی.د.حەكیم عوسمان، پ.ی.د.هێرش ڕەسوڵ). دوای وەرگرتنی بۆچونیان، دو برگە لابرا و دەستكاری چوار برگەی فۆرمەكەش كرا. هەروەها بۆ (جێگیری-الثبات)ی فۆرمەكەش، سود لە یاسای سپێرمان وەرگیرا، دوای بەراورد و تاوتوێی فۆرمەكە، پاشان پەسەند كرا.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021